# Tekoshan

No.132

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty threeth Year Nomber ((132)) 30of Rebandan 2707 Kurdish Colemdar falling no 1385 Hijri I Falling 19th Febr 2008



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.khabatmedia.com/radio

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ — ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرِك تیلکۆم — ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


## ساڵرۆژی پیلانی گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان



ڕۆژی ١٦ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ کۆچی خۆری لە ئەنجامی پیلانێك داڕێژراو عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان گیراو ورادەستی تورکیە کرا. بە دوای گیرانی ناوبراو شەپۆلێکی نارەزایەتی دەربڕین لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان و کوردستان ڕوویدا و بێزاری و تورەیی خەڵکی کوردی بەرز کردەوە. گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان کە لەلایەن چەندین دەوڵەت بەڕێوەچوو، ناوبراونزیك بە ٩ ساڵە ناوبراو لەزیندانی تاکەکەسی لە جەزیرەی ئیمراڵی تورکیە ڕاگیراوە و لەو ماوەیەدا لەگەڵ زۆر بەربەست و نارەحەتی بەرەوروبووە و لەچەند مانگی ڕابردوو بڵاوبۆوە کە لە بەندینخانە لە لایەن مەئمورانی ڕژیمی تورکیە دەرماندراو کراوە. بێگومان مەسئەلەی کورد لە تورکیە لە ئاکامدا دەبێ لەڕێگەی ئاشتیخوازانە و ووتووێژەوە چارسەر بکرێ و بە زندانی کردنی ئۆجەلان و فشارە جیاجیاکان بۆ سەر خەڵك کێشەکە چارەسەر نابێ. ئەو فشارانەی ئێستای تورکیە بۆسەر خەڵکی کورد، لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی لەدژایەتی دایە و دەبێ دەسەڵاتدارانی تورکیە لەڕێگەی سیاسی و ووتوویژ لەگەڵ خەڵکی کورد داوا ڕەواکانی خەڵك بە هێند وەرگیردرێ و ددانیان پێدابندرێ.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەدوای گرتنی بەڕێز ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩٩ی زایینی ئەو پیلانگێرییەی مەحکووم کرد، دووبارە بە مەحکووم کردنی ئەو ڕووداوە خوازیاری ئازادی ناوبراوەو دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیەدایە.

## خەڵاتی ئۆلاف پاڵمە لە سوئێد بەخشرایە پەروینی ئەردەڵان لە شاری سنە



کوفی عەنان سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و خاوێر پرێز دوکوئیار سەرۆکی پێشوتری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان خەڵاتی پاڵمە کە دوای کوژرانی ئولاف پاڵمەی سەرۆك وەزیرانی سوئێد،لە ساڵی ١٩٨٧هەرساڵە لە ڕۆژی ٣٠ ژانویە ڕۆژی لەدایکبوونی پاڵمە، دەدرێ بە کەسانێك یاخود بنکەو ناوەندێك کە لەمەیدانی پارێزگاری و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ تێ بکۆشێ.

نرخی خەڵاتی پاڵمە ٧٥ هەزار دۆلارە

خەڵاتی بنکەی ئۆلاف پاڵمە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ی زایینی درا بە پەروین ئەردەڵان هەڵسوڕاوی مافی مرۆڤ لەشاری سنە.

پەروین ئەردەڵان دانیشتووی شاری سنەیەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوەندی فەرهەنگی ژنان لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری داخراوی ژنان و هەروەها سەرنووسەری بڵاوکراوەی ئینترنێتی " تریبونی فیمینیستی ئێران " و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری " زەنستان " ە.

هەروەها یەکێك لە گەلاڵە داڕێژەرانی کەمپینی یەك میلیۆن ئیمزایە لە ئێران، کە دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ڕای گەیاند: ئەم خەڵاتە تەنیا لە هەوڵی من نەبوە و لەڕاستی ئەم خەڵاتە مولکی هەموو ئەو ژنانەیە کە لەبزوتنەوەی ژنان کاریان کردوە.

ناوبراو وتی : ئێمە لەناوخۆی وڵات هەڵسورانی ئاشتیخوازانەو مەدەنیانە درێژە پێ دەدەین و هەوڵ دەدەین هەوڵەکانمان بەرین تر بکەین و هیوادارم ئەم خەڵاتانە بتوانێ ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ لە بەردەوام بوون لە هەوڵەکانمان. شایانی باسە ئەو خەڵاتە بە کەسانی وەك

## دوای کوژرانی عیماد موغنیە کێشە و ئاڵۆزی زیاتر ڕوو لە لوبنان دەکا

**سیامەند**

لە دوای کوژرانی عیماد موغنیە یەکێك لە فەرماندە و ئەندامی باڵای حیزب اللەی لوبنان کە لە پێتەختی سوریە ڕووی دا، ئاڵۆزی و مەترسی ڕوودانی جەنگێکی نوێ و هەروەها سەرهەڵدانەوەی کردەوەی ترۆریستی زیاتر بە مەبەستی و تۆڵەسەندنەوە زیاتر دەبێ.

عیماد موغنیە کە دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە ئیدارەکردنی حیزب اللەی لوبنان و فەرماندەیی چەندین کردەوەی ترۆریستی گەورەی بەرانبەر ئیسرائیل و ئەمریکا وەك تەقاندنەوەی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٤ لە بەیروت کە بەو هۆیەوە ٣٠٠ کەس لە هێزەکانی ئەمریکا کوژران، هەروەها هێرش بۆ سەر بنکەی یەهودیەکان لە ئارژانتین و ڕفاندنی فرۆکەی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٥، و دەیان کردەوەی دیکەی ترۆریستی ئەنجام داوە کە وای کرد عیماد موغنیە لەلایەن وەڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا، وەك کەسێکی دیار و بەرچاو کە دەوری بەرچاوی لە هێرش کردن بۆ سەر قازانجەکانی ڕۆژئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدابووە پێ و شوێنی بگیرێ، هەروەها ئیسرائیل وەك دەسەڵاتی خاوەن هێز لە ناوچەکە زیانی زۆری لە عیماد موغنیە بینی و تەنانەت، ناوبراو و فەرماندەیی شەڕی ٣٣ ڕۆژەی حیزب اللەی لە بەرانبەر ئیسرائیل کردوە و دەوری کاریگەری هەبو لە و سەرنەکەوتنی ئیسرائیل. بەو کردەوە نرۆریستیانەی عیماد موغنیە لە دژی وەڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل بەرێوەی بردووە، بۆیە دوای کوژرانی ناوبراو، حیزب الله و ڕژیمی ئێران، ئیسرائیلیان تاوانبار کرد بە بەڕێوەبردنی کوشتنی ناوبراو.

ئەوەی جێگەی تێ ڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئایا لە دوای کوژرانی ئەو فەرماندەی حیزب الله کە ماوەیەکیش لە سپای پاسدارانی ڕژیمی ئاخوندیدا کاری کردوە چ کاریگەریەکی لە سەر وەزعی ئاڵۆزی خۆرهەڵاتی ناوەراست بە تێکڕا و لوبنان و ئیسرائیل و دەوروبەردەبێ.

بێ گومان سەرانی ڕژیمی ئاخوندی بە تەواوی توانایان و بە پروپاگەندە و هەڵسوڕانی دیپلوماسی هەوڵ دەدەن، لەو ڕوداوە بە قازانجی خۆیان کەڵك وەرگرن هەر بۆیەش ڕادوێ و تەلویزیونی و ڕۆژنامەکان و سایت و ناوەندە جیاجیاکانی هەواڵدەریی و ڕاگەیاندنی ڕژیمی ئاخوندی لەگەڵ پێدا هەڵگوتن بە عیماد موغنیە، لە هاندانی شێعەکانی لەبنان و حیزب اللە خەریکن. هەر لەو پێوەندیەدا، ڕۆژ و کاتی بە خاك سپاردنی موغنیە هەیئەتێکی بەرزی ڕژیم بە سەرۆکایەتی مەنوچێهر موتەکی بەشداریان کرد و پەیامی خامنەیی و ئەحمەدی نژادیان بە بەرپرسانی حیزب الله گەیاند. بە بەراوردێك لە قسەکانی حەسەن نەسروالله، سەرۆکی حیزب الله کە لە ڕۆژی بە خاك سپاردنی عیماد موغنیە کردنی، دەردەکەوێ هاندانی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی و ڕاسپاردەکانی خامنەیی و ئەحمەدی نژاد کاریگەری هەبوە، چونکە، نسرالله بە هەڕەشە لە ئیسرائیل ڕایگەیاند، دەبێ ئیسرائیل نەمێنێ و کۆتایی بە دەسەڵاتیان لە ناوچەکە بهێندرێ. بێ گومان کوژرانی ئەو فەرماندەیەی حیزب الله کاردانەوەی خراپی دەبێ لە سەر وەزعی ناوخۆیی لوبنان و هەوڵەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەو وەڵاتە، بەتایبەت کە حیزب الله زۆر بە توندی ڕەخنە لە هاوپەیمانی ١٤ی ئازار کە پێك هاتبوون لە ئەحزابی مەسیحی و سوننی دەگرێ و ئەوان بە داردەستی ئەمریکا و ئیسرائیل ناو دەهێنێ. لە بەرانبەریشدا سەعد حەریری و هاوپەیمانانی ١٤ی ئازار، ئاڵۆزیەکان لە لوبنان و کردەوە ترۆریستیەکان بە کاری ناراستە و خۆی ڕژیمی ئێران و سوریە دەزانن و قامکی تاوان بۆ لای حیزب الله ڕادەکێشن. دەبێ ئەوە لە بەر چاو بەگرین کە لە ناوچەکەدا دوو ڕای جیاواز لە بەرانبەر کوژرانی عیماد موغنیە هەیە، ڕای یەکەم: لەلایەن ڕژیمی ئێران و سوریەیە، کە عیماد موغنیە بە شەهیدی نمونەیی و گەورە دەزانن و هەڕەشەی تۆڵە کردنەوە دەکەن لە ئیسرائیل و هەموو ڕۆژئاوا بۆچوون و هەلوێستی دووهەم ئەمریکا و ئیسرائیل و ئوروپا و زۆربەی دەسەڵاتتەکانی دیکەی ناوچەکەیە کە بۆچوون و هەلوێستەکابیان بە ئاشکرا و نهێنی ئەوەیە کە کوژرانی عیماد موغنیە بەرووداوێکی بە قازانج دەزانن و با لە سەر نەوعی کوشتنەکە و جێگەکەی نەزەریان وەك یەك نەبێ بەڵام بێ گومان لە سەر نەمانی و کۆتایی هاتنی بە تەمەنی ئەو ترۆریستە ناوزراوە، خۆشحالن و بە دەستەکەوتێکی دەزانن.

## کۆزۆڤۆ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند



ڕۆژی یەك شەممە ٢٨ی ڕێبەندان پارلمانی کۆزۆڤۆ لەکۆبوونەوەیێکی مێژووییدا بە شێوەی ڕەسمی سەربەخۆیی خۆی لەسربستان ڕاگەیاند. لەکۆبوونەوەی یەك شەممەی پارلمانی کۆزۆڤۆ سەرەڕای دژایەتی سربستان بە ڕەسمی سەربەخۆیی وولاتەکەی پەسەند کرد. "هاشم تاچی" سەرۆك وەزیری کۆزۆڤۆ لەکۆبوونەوی پارلمان دا گووتی: ئێمە ڕێبەرانی خەڵك کە بە شێوەی دیموکراتیك هەڵبژێردراوین، ڕادەگەیێنین کۆزۆڤۆ وولاتێکی سەربەخۆیە. ژمارەیێکی بەرچاو لەخەڵکی کۆزۆڤۆ لەپێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتەکەیان دەستیان کرد بە جێژن و شادی دەربرین، کە دوای پەسەند کردنی سەربەخۆیی لەلایەن پارلمانی وولاتەکەیانەوە، خۆشی و شادی زیاتر ڕووی لەو وەڵاتە کرد. کۆزۆڤۆ کە تا ساڵی ١٩٩٩ ی زایینی یەکێك لە ئوستانەکانی سربستان بوو،

لەدوای ئاڵۆزی لە ناوچەی باڵکان و دابەش بوونی یوگسلاوی بە چەند وولاتی جیاجیا، ڕێکخراوی نەتەوەیەگرتووکان چاودێری دەکرد. سەرۆك وەزیری کۆزۆڤۆ گووتی: ئێمە لەهەل و مەرجێکی مێژوویی‌داین کە بە بریارێکی گرینگمان دەبینە یەکێك لە میللەتە ئازادەکانی دونیا. جورج بوش سەرۆك کۆماری ئەمریکا ڕایگەیاندوە: ئەمریکا و هاوپەیمانانی تەواوی هەوڵی خۆیان دەدەن تا لە دوای سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ ناوچەکە تووشی شەر و توندوتیژی نەبێ. ئەمریکا ١٧٠٠ سەربازی لە کۆزۆڤۆ بە هاوبەشی ١٦ هەزار سەربازی ئاشتی پارێز لەو وولاتەن هەیە. روسیە بە توندی دژایەتی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ دەکا، بەڵام ئەمریکا و زۆربەی وولاتانی ئەندامی یەکێتی ئورووپا، لەوانە سێ دەسەڵاتە گەورەکەی ئورووپا واتە بریتانیا، فەرانسە و ئالمان پشتیوانی لە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ دەکەن و داوایان کردوە بە پەلە سەربەخۆیی ئەو وولاتە بە ڕەسمییەت بناسرێ، بەڵام کەمایەسیەکانی وەك قۆبرسیەکان و ڕۆمانیەکان دژایەتی سەربەخۆیی دەکەن.

***

## ووتەی بەنرخ

**داهاتوو هەمان هیوایە. (ئیسپنۆزا)**

**ئەگەر لەیەکەمین هەنگاو دا سەرکەوتنمان بەدەست بهێنایە، هەوڵ و کۆشش ئیتر هیچ واتایەکی بۆ نەدەما. (مەترلینگ)**

**دەبێ بژیت بۆ نووسین نەك بنووسی بۆ ژیان. (ژول ڕێنات)**

**گۆرینی فرمێسکی خەڵکی بۆ شادی، باشترین بەختەوەرییە. (بودا)**

**((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))**

**دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،**

**دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە**

**دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،**

**یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە**

**زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی ئێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە.**

**دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.**

## بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران